# ئەتککردنی شەهید ئارام

حەمەسەعید حەسەن

بە بۆنەی تێپەڕبوونی (25) ساڵ بەسەر شەهیدبوونی (ئارام)دا، مەلا بەختیار لە بری ئەوەی ڕێز لەو هاوڕێ دێرینەی بگرێت، تا لە توانایدا بووە، سووکایەتی پێ کردووە. مەلا بەختیار دەنووسێت: (شەهید ئارام دەیگوت: مام جەلال تاکە ڕابەرە، بتوانین چارەنووسی خۆمانی بدەینە دەست.)(١)

لە نێو کۆمەڵەدا دوو کەس، جێی ئومێد بوون، یەکەمیان ئارام، کە لە دژی سەرانی ینک، لە ناوچەی قەرەداغدا، گیری خوارد، تا شەهید بوو. دووەمیان ئازادی مەلا محەمەد، کە دەنگۆی ئەوە هەیە، بە پێی نەخشەیەکی سەرانی ینک تیرۆر کرابێت. من شیعرم تەنیا بۆ دوو خەباتگێری نێو کۆمەڵە گوتووە، یەکەمیان: ئارام، دووەمیان ئازاد.

ئارام پێش ئەوەی ڕوو بکاتە شاخ، ماوەیەک لە ماڵی (تەها باراوی)دا خۆی حەشار دابوو. هەموو ئەوانەی لە (تەها باراوی)یەوە نزیک بوون، دەیان جار گوێیان لێی بووە، لەسەر زاری (ئارام)ەوە گوتوویەتی: ( مام جەلال ئیسفەنجێکە، زۆر دەترسم بۆ کوردستان بگەڕێتەوە و کۆمەڵە هەڵبمژێت.) شۆڕشگێری ڕاستەقینەی وەک ئارام، هەست بەو مەترسییانە دەکات کە دەشێت لە داهاتوودا ڕوو بدەن. ئەو پێشبینییەی ئارام هاتە دی، مام جەلالی ئیسفەنج گەڕایەوە و کۆمەڵەی هەڵمژی.

مەلا بەختیار چونکە هیچ ڕێز لە خەباتی درێژخایەن و ڕووباری خوێنی هاوڕێکانی ناگرێت، کە ئەو گوتەیەی وەپاڵ ئارام داوە، نە سەرچاوەیەکی دەستنیشان کردووە، نە تاقە کەسێکیشی بە شایەت گرتووە.

چونکە هەنووکە مەلا بەختیار هەر کە ناوی مام جەلالی هێنا، بۆی نییە (بەڕێز) و (خوا بیپارێزێت بۆمان)یش، نەڵێت، دەیەوێت ئەو گۆزەیە لەسەری ئارامیشدا بشکێنێت. دەڵێن لەشکری داگیرکەر، بەسەر گوندێکدا دەدات و هەموو کیژانی دێ، بێجگە لە یەکێکیان ئەتک دەکات. دەستە خوشکەکانی چونکە نەیانتوانیوە داکۆکی لە خۆیان بکەن، دەچن کچەی ئەتکنەکراو، بە پەنجە بێبن دەکەن. مەلا بەختیاریش چونکە خۆی کۆیلەیەکی گوێ لە مستی مام جەلالە، دێت ئارام، پاش تێپەڕبوونی (25) ساڵ بەسەر شەهیدبوونیدا، لە گڵکۆکەی دەهێنێتە دەرەوە و مێژووی دەشێوێنێت و ئەتکی دەکات.

2003. 02. 22

(١) مەلا بەختیار، ئارام شەهیدێکی زۆر خۆشەویستی کوردستان، ماڵپەڕی کوردستان نێت ٢٠٠٣/١/٣١